# بەياننامەی بيرۆی رۆژهەڵاتی كوردستان
# لە كۆنگرەی نەتەوەيی كوردستان

رۆژی دەی خاكەلێوە، رۆژی شەهيدانی كوردستانە. لەو رۆژەدا سەرقافلەی شەهيدانی كوردستان، سەرۆك كۆماری ديموكراتی كوردستان، پێشەوای نەمر، قازی محەممەد بەدەستی رژێمی دژبەگەلی پەهلەوی لە دار درا. ئەمرۆ لە بارودۆخ و هەلومەرجێكی تايبەتييەوە، ئەو رۆژە تايبەتييە وەبيردەخەينەوە و، بۆ رێزگرتن لە رۆحی پاكی شەهيدانی كوردستان، ئەركی خۆمان بە دانانی دەستە گوڵێك لە سەر گۆڕی پاكی شەهيدی نەمر، دكتۆر عەبدولرەحمانی قاسملۆ – سكرتێری گشتی حزبی ديموكراتی كوردستانی ئێران بە جێ دەگەيەنين. دكتۆر قاسملۆ رووناكبيری هەڵكەوتوو و پايەبەرزی نەتەوەی كورد لە رۆژهەڵاتی كوردستان، بەدەستی رژێمی كۆنەپەرستی كۆماری ئيسلامی شەهيد كرا. ئێمە وەك سەمبوڵی شەهيدانی كوردستان لە فەرانسە و بۆ رێزگرتن و وەبيرخستنەوەی يادی هەموو ئەو رۆڵە نيشتمانپەروەرانە لە هەر چوارپارچەی كوردستان، لە سەر گۆڕی بەڕێز دكتۆر قاسملۆ كۆدەبينەوە و سەری رێز و تەعزيم بۆ هەموو شەهيدانی كوردستان دادەنوێنين.

كۆنگرەی نەتەوەيی كوردستان

بيرۆی رۆژهەڵات

٨ی خاكەلێوەی ٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت